**ئه نجومه نی دادوەری**
**ژماره :١٠١٥/٨/٣**
**رێکەوتی : ٢٠١٥/٦/١٤**

## بــەیــان

**پشت به حوکمی مادده (٨) له یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژماره ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا به:-**

**یەکەم:** دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ له بەرواری ٢٠١٥/٧/١.

**دووەم:** ئەو کێشانەی پەیوەندییان به (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە که له خوارەوە هاتووە به کێشە و داوای به پەله دادەنرێن:-

١- وەرگرتنی داوانامە( عريضة الدعوى ) وگلدانەوەی یەدەگ ( الحجزالاحتياطي ) و پێراگەیاندنی یاسایی .

٢- ئەوکێشە وپرسە به پەلانەی دەروازەی دەیەم له کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩دیاری کردوون .

٣-ئەو داوایانە گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارێك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات .

٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە(استملاك).

٥- ئەو داوایانە داوالێکراو قەدەغە دەکرێت له چوونه دەرەوەی هەرێم.

٦- داوای مایەپوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە.

٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوە (شفعه) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی به کرێدراو .

٨- داواکانی تایبەت به مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەله و سوولاوکە و هاتووچون( حقوق السقی والجری والمسيل والمرور ) مافەکانی (ارتفاق).

٩- داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.

١٠- داواکانی راست کردنەوەی ( تەمەن ، ناو ، نازناو )

١١- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.

١٢- داواكردنی خەرجی بژێوی (نفقه) ودایەنی (حضانة) ودیتنی منداڵ ورەچەڵەك (نسب).

١٣- داواكانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد).

١٤- داواكانی لادانی سەركار (قیم) وپیٚ سپێردراو ( وصی ).

١٥- داواكانی دابەشكردنی میرات و ئەو مامەڵانەی لێیان دەكەونەوە.

١٦- ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلە دانابێت.

**سێیەم:**

جگەلەو داوا و كێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو (بەیان) داهاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاكان ببینێت ئەگەر:-

أ- بۆدادگا دەركەوت لە دواخستنی داواكە زیان دەكەوێتەوە.

ب- هەردوو لایەنی داواكە داوای دادبینی لەكاتی پشووی دادگاكان بكەن.

ج- داواكە گەیشتبووە قۆناغی كۆتایی.

**چوارەم:**

گشت مامەڵەكانی دادگا لە كاروباری ئاسایی خۆیان لە كاتی پشووی دادگاكان بەردەوام دەبن .

**احمد عبدالله زبیر**

**سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری**